www.kurdistannet.org
16-10-2006 8:52:45بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# دەشتی جەمال لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپی لەسەر کیشەی پەنابەران کۆدەبێتەوە



رۆژی 11-10-2006 لە دریژەی هەوڵی بەردەوامی فیدراسیۆن سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و بەرەی دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ بەرگری لە مافی پەنابەران و وەستانەوە دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد، دەشتی جەمال لەپەرلەمانی ئەورووپی لە برۆکسل چاوی کەوت بە بەریز (Halonen.T) سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپی بۆپێشکەشکردنی شکایەت نامە لەسەر حکومەتی بەریتانیا بەرامبەر بە پێشیلکاریەکانی بەرامبەر پەنابەران ،ئەم چاوپێکەوتنە لەلایەن بەریز(Jean Lambert) ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپی وبەرپرس لەحزبی سەوزی بەریتانیا میوانداری کرا.

لەم دیدارەدا دەشتی جەمال لەسەر بارودۆخی نائەمنی ئیستای عیراق وکوردستان و نادیاری چارەنووسی کوردستان و پەرەسەندی دیاردەی ئاوارەیی و ڕووهینانی خەڵکی عیراق و کوردستان بۆ دەرەوە بەهۆی جەنگ و کاولکاری و نائەمنی و سەرکوت و کوشتن وتیرۆر ونەبوونی سەرچاوەکانی خەدەمات و بژێوی دووا. هەروەها سەبارەت بە سیاسەتی وولاتە ئەورووپی‌یەکان بەگشتی و دەولەتی بەریتانیا بەتایبەتی لە بەرامبەر پەنابەرانی عیراق و کوردستان، کە پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی پەنابەران و ماف نیشتەجێ بوونە قسەوباسی کرد. دەشتی جمال ئاماژەی بەوە کرد کە گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد لە رۆژی 21-11-2005 وە 5-9-2006 بە فرۆکەی سەربازی، وەك ئەسیری جەنگی و کەلەپچەکردن‌و لیدان و سوکایەتی پێکردنیان، ژێرپێنانێکی خەتەرناکی هەموو پرنسیپ وبنەما یاساییە نیودەولەتی‌یەکان و مافەکانی مرۆڤ و کۆنفیدراسیۆنی جنیفی ساڵی 1951 ە، کە حکومەتی بەریتانی یەکیك لەو دەوڵەتانەیە کە ئیمزایان لیداوە. هاوکات رایگەیاند یەکیك لەو پەنابەرانە ئیستا لە خەستەخانەی دڵ کەوتووە لەکوردستان.

لە میانەی قسەوباسەکاندا دەشتی جەمال داوای لەبەرپرسی پەرلەمانی ئەورووپی کرد کە دەوری جدی بگیرن لە بەدوا چوونی ئەم شکایەتنامەیە وفشار خستنە سەر حکومەتی بەریتانیا بۆ ریز گرتن لە مافەکانی پەنابەران‌و راگرتنی فەوری گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد. لەم ڕووەوە سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپی بریاری دا بەدوادا چوون بکات لەسەر ئەم مەسەلەیە و تەواوی نامەو بەڵگەکانی فیدراسیۆن لەو بارەیەوە بخوینیتەوە. لەم دیدارەدا 2000 ئیمزای پشتیوانی کەسایەتی ورێکخراوە پەنابەری و ئینسان دۆست و کریکاریی لەخواستەکانی پەنابەران و950 ئیمیزای پشتیوانی لەنامەیەکی دەشتی جەمال بۆ بەریزان (جلال تالەبانی و مسعود بارزانی) کە لەسەر مافی مرۆڤ لەکوردستاندا ئاراستەیان کراوە و هەروەها چەند نامەو بەڵگەی پێویستی تایبەت بەوەزعیەتی پەنابەران و نامەیەك کە پێشتر ئاراستەی تونی بلیر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا کراوبوو و نامەی ئەو پەنابەرانەی بەزۆر گیراونەتەوە کوردستان پێشکەش کرا .

www.kurdistannet.org
16-10-2006 8:52:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەمان ڕۆژ کاتژمیر 10 ی سەرلەبەیانی لە پەرلەمانی ئەوروپی وەفدێکی فیدراسیۆن و بەرەی دژی دیپۆرت کە پێك هاتبوو لە(دەشتی جەمال،Karen Jhnson,Nicoles Dessaux,Celine Pauvos ) لەگەل بەریز(Jean Lambert ) چاویان کەوت بە بەریز(Michael Konther) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپی بەرپرسی( European Commiission&National Export for Immigration and asylum)

هاوکات وەفدی ناوبراو چاوی کەوت بە(Manfred Weber) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپی بەرپرس لەگروپی( Christian Democrats ) وە هەروەها کاتژمیر 3 پاشنیۆەرۆ چاویان کەوت بە هەردوو ( Lilli Gruber ,Pasqalina Napoletano) ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپی وبەرپرس لەگروپی (Socialist)ی ناو پەرلەمانی ئەوروپی .

لەم دیدارو چاوپێکەوتنانەدا دەشتی جەمال لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان بەدریژی قسەو باسی کرد و ئاماژەی بە بارودۆخی پەنابەران لە وولاتە ئەوروپیەکان وکیشە گرفتەکانی پەنابەران و مەسەلەی نیشەجی بوون و بەرگری لەمافەکانیان و بەهرەمەند بوونیان لەماف پەنابەری و هەروەها گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد لەلایەن حکومەتی بەریتانیا و ئەو کارانەی فیدراسیۆن و بەرە لەو راستایەدا ئەنجامی داوە، کرد . داوای هاوکاری و پشتیوانی کرد خوازیاری ئیدانەی پەرلەمانی ئەوروپی بۆ ئەو وولاتانە بوو کە ریز لە مافەکانی پەنابەران ناگرن. هاوکات رێگا چارەی فیدراسیۆن بۆ حلی کیشەی پەنابەران قسەو باسی کرد ..ئامادەبوانی ئەم کۆبوونەوانە سەرباری پشتیوانی کردن بریاریان دا لەچەند ئاستدا هاوکاری وکۆمەکی خۆیان سەبارەت بەکیشەی پەنابەرانی کوردو عیراقی لە پەرلەمان و دەزگا پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان باس لیٚبکەن و بەلگەو زانیاریەکانی فیدراسیۆن بگەیەنن بە پەرلەمانتارەکانی تر.

بەم شێوە فیدراسیۆن و بەرەی دژی دیپۆرت توانیان بۆ یەکەمین جار کیشە و گرفتەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی ببەنە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپی و سەرۆکی پەرلەمان. فیدراسیۆن بە دانی ریگای چارەی کارساز واقعی بۆ حلی کیشەی پەنابەران و وەلام دانەوە بەخواست و داوکاریەکانی پەنابەران و پێشکەشکردنی شکایەت لەسەر دەولەتی بەریتانیا و دانی پەیامێکی ڕۆشن بە هەر دەولەتێکی تری ئەوروپی کە بیەوێت هەمان سیاسەتی بەریتانیا ئەم مەسەلەیەدا پەیڕەو بکات. لە ڕاستیدا بووەتە ناوکۆکەی بەرەیەکی ئینسانی و پێشکەوتوو خواز بردە پێشەوە. هەروا فیدراسیۆن جارێکی تریش نیشانی دایەوە کە لە ئاستی فشار خستنە سەر پەنابەران بیٚ دەنگ نابیٚ وپیداگری دەکات وە لەپشتی ماف و حورمەتی خەلٚکی پەنابەری کوردستان رادەوەستیٚ تا بەرەسمیەت ناسینی ماڤ پەنابەری و نیشتەجیٚ بوون.

## سەرکەویٚ خەباتی یەکگرتووی پەنابەران

## فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

2006–10–14

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK.** **www.csdiraq.com** **Dashty J amal :Mobile: 07856032991**
d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk **mobile**:
07877489626 **or** 07866757213 **Office**: 0161 234 2784